# فەرهەنگی شیعری كلاسیكی كوردی لە نێوان لاسایی كردنەوەو داهێناندا ( نالی ،سالم ، مەحوی )

پ.ی.د.دلشاد علی د.ئاڤان علی میرزاتوفیق

زانكۆی سلێمانی

بەشی كوردی

پێشەكی

لەم لێكۆڵینەوەیەدا ، هەوڵدراوە لە هەردوو دیاردەی لاسایی كردنەوەو داهێنان لە ڕێبازی كلاسیكی شیعری كوردیدا بكۆڵینەوە ، بە تایبەتی لە بواری فەرهەنگی شیعری شاعیراندا كە بنەمایەكی سەرەكی پێك هێنانی هەردوو دیاردەكەیە، لێكۆڵینەوەكەشمان تایبەت كردووە بە بزووتنەوە شیعریەكەی كرمانجی خواروو لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەداو لە ناو بازنەی ئەو بزووتنەوەیەشدا روومان لە فەرهەنگی شیعری سێ شاعیر كردووە كە بریتین لە (نالیو سالمو مەحوی )، بەو پێ یەی بەرهەمی شیعریی سەربەو بزووتنەوەیە بە گشتیوبەرهەمی ئەو سێ شاعیرەش بەتایبەتی ، هەڵگری هەوێنو مۆركی هەردوو دیاردەكەنو لە بواری فەرهەنگی شیعریشدا بوونەتە سەرچاوەیەكی رەسەن بۆ شاعیرانی دوای خۆیان ئامانجیش لەم لێكۆڵینەوەیە ئاوردانەوەیەكی زانستانەیە لە رووی ئەو دوو دیاردەیە ، چونكە لە گەڵ لێكۆڵینەوەدا بە شێوەیەكی نازانستانەو نادرووست لێیان دواون و كۆمەڵێ تێروانینی سەرپێییان لە دەور گەلاڵەكراوەو بەردەوام ڕێبازەكەو دەقە شیعریەكانی ئەو سێ شاعیرەشیان لە بازنەی لاسایی كردنەوەی شیعری فارسیدا بینیوە ، بێ ئەوەی زانستانەو بە وردی رادەو چۆنیەتی دیاردەكە دەست نیشان بكەنو بوارەكانی داهێنانیشیان دیاری بكەن ، هەر بۆیە ئێمە لەم باسەماندا هەوڵی ئەوە دەدەین توانای شاعیرانی كلاسیكی كوردیمان بە تایبەتی( نالی و سالم و مەحوی ) ، لە بواری فەرهەنگی شیعری دا بە شێوەیەكی پراكتیكی بخەینە بەردەست ، بەو پێیەی فەرهەنگی شیعری هەر شاعیرێ هەڵگری سیمای دەنگە شیعریەكەیەتی هەروەك چۆن رەنگرێژكەری وێنە شیعرییەكانیەتی كە گیانی دەقی شیعرین ، هەڵبژاردنی ئەو سێ شاعیرەش بەو هۆیەوە بووە كە لەلایەك سێ دەنگی شیعریی دیار و گەورەی كلاسیكیمانن و تاقیكردنەوە شیعری یەكانیان سەرەتای بزوتنەوە شیعری یەكە بووە لە كرمانجی خوارووداو لە لایەكی ترەوە ئەو لێكۆلینەوانەی كە باسیان لە رادەی كاریگەری ئەدەبی فارسی كردووە لەسەرشیعری كلاسیكی كوردی زیاتر نموونەی ئەو سێ شاعیرە یان هێناوەتەوە ، بۆ گەیشتن بە كۆمەڵێ ئەنجامی دیاریش باسەكەمان كردووە بە سێ بەشەوە :

بەشی یەكەم : چەمكی لاسایی كردنەوەو داهێنان لە ڕێبازی كلاسیكیدا :

لەم بەشەدا ئاوڕمان لە چەمكی هەردوو دیاردەی لاسایی كردنەوەو داهێنان لە قۆناغی كلاسیكی شیعری عەرەبی و فارسی و كوردی دا داوەتەوە و تێروانینی رەخنەگرانەمان دەربارەیان خستۆتە بەردەست .

بەشی دووەم : ڕێژەی داهێنان لە فەرهەنگی شیعری( نالیو سالمو مەحوی) دا :

لەم بەشەشدا باسمان لەو وشەو دەربڕینانەكردووە كە تایبەتن بە فەرهەنگی شیعری هەریەكە لەو شاعیرانە و لە فەرهەنگی شیعری فارسی دا نابینرێن و بە بەشێك لە داهێنانی خۆیانیان دادەنێن .

**بەشی سێیەم : رێژەی سوودوەرگرتنیان لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی فارسی :**

تەرخان کراوە بۆ ئەو وشەو دەربڕینانەی کە هاوبەشن لە نێوان هەر سێکیان و شیعری فارسی دا و بە هۆیانەوە زانستانە رادەو چۆنیەتی سودوەرگرتنیان لە شیعری فارسی دیاری دەکەین.

**بەشی یەکەم : چەمکی لاسایی کردنەوەو داهێنان لە رێبازی کلاسیکیدا :**

وەك ئاشکرایە هەردوو چەمکی لاسایی کردنەوەو داهێنان ، لە بوارە ئەدەبیەکاندا بەگشتیو لە بواری شیعردا بە تایبەتی، لەو چەمکە ئالۆزانەن کە بۆچوونو تێروانینی جیاجیایان لە دەور کۆکراوەتەوەو هەر تییۆرێك لە تیۆرە ئەدەبیو رەخنەیییەکان لە روانگەی ئەو چەمکەوە ئاوریان لێداونەتەوە کە بۆ شیعریان دیاری کردووە ، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەی لێکۆلەرانمان ، ئەگەر سەرجەمیان نەبێت ، وەك دوو جەمسەری دژبەیەکی پرۆسەی شیعریان داناون تا ئەو رادەیەی چەمکی لاسایی کردنەوەیان بە چەمکی دزی ئەدەبییەوە گرێداوە ئەمە لە کاتێکدا لە هەندێ قۆناغی شیعری میللەتاندا کردەی لاسایی کردنەوە بە هەوێنی داهێنان تێی روانراوە ئەوەتا لە ئەدەبی لاتینیدا (هوراس)ی رۆمانی ئامۆژگاری شاعیران دەکات کە ((شەوو رۆژ خەریکی لاسایی کردنەوەی یونانییەکان بن ))(١)، لە سەردەمی (رینیسانس)یشدا (سکالیجر) راشکاوانە وتوویەتی : (( چ پێویستییەکمان بە لاسایی سروشت هەیە لە کاتێکدا فرجیل سروشتی دووەمە)) (٢) بەم رەنگە روو کردنە کلتووری شیعرییو دەقی شیعری پێشینان بۆخۆی بنەمایەکی داهێنان بووە لە ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپیدا،

لە ئەدەبی عەرەبیشدا بەگشتیو لە بواری ئاوردانەوە لە کێشەی نێوان (کۆنو نوێ) ی شیعردا بەتایبەتی رەخنەگرانی سەردەمی عەباسی هەروەك (د. سوزان بینکنی ستیکیفیتش ) دەلی : ((تا رادەیەك دوو تێروانینی دژ بەیەکیان خستووەتە بەردەست بەوەی لەکاتێکدا پێداگریان دەکرد لەوەی (دەقی شیعری کۆن پێوانەی داهێنانە)، ئەو بۆچوونەشیان خستووەتە روو کە لاسایی کردنەوەی پێوانە کۆنەکان کارێکی نادروستە بەهۆی جیاوازی ژینگەوە لە رووی کاتو شوێنەوە ))( ٣)

هەر لەو سەردەمەی رەخنەی عەرەبیدا زاراوەی لاسایی کردنەوە ، لە پاڵ زاراوەکانی وەك دزیی ئەدەبی و شوێن پێ هەلگرتنو دوبارەکردنەوەو جوینەوەدا بەکارهێنراوە و نەك هەر بەلای ئەورەخنەگرانەی کە دزی ئەدەبیان بە دیاردەیەکی ئاسایی داناوە لاسایی کردنەوە شیاو بووە بەلکو بەلای ئەو رەخنەگرانەشیانەوە کە دزیی ئەدەبییان بە کارێکی ناشیرین بینیوە خودی لاسایی کردنەوە تا ئەورادەیەی نەچووبێتە ئاستی دزییەوە پەسەند بووە بەو پێیەی شاعیران ناتوانن خۆیان لە کلتوری شیعرییان دامالێنن (٤)

هەر لە ئەدەبی عەرەبیدا رەخنەگرانی هاوچەرخەکانیان ئەو راستییەیان خستووەتە بەردەست کە دیاردەی لاسایی کردنەوە بنەرەتێکی هەرە دیاری رێبازی کلاسیکی نوێی شیعری عەرەبی بووە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا و شاعیرانی ئەو قۆناغەی ئەدەبی عەرەبی کە بە سەردەمی بوژانەوە ناوی دەبەن بڕوایان وابووە کە سەرچاوەی دەقی شیعریی چاكو رەسەن کلتورە ئەدەبیەکەی پێشینانیانە بۆیە راستەوخۆ روویان لەو کلتوورە کردووەو مەبەستو بابەتو وێنەو واتاو ئاوازیان لێ هەلێنجاون ( ٥)

هەرچی دەربارەی ئەدەبی فارسیشە کە بۆخۆی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بەردەستی شاعیرانی کلاسیکی کوردبووە ئەوا راستەوخۆ هەست بەوە دەکرێ کە لای ئەوانیش چەمکی لاسایی کردنەوە لەگەڵ زاراوەکانی تری

بواری کاریگەربوونی شاعیران بەیەکترەوە ریزکراوەو دەربارەی وتراوە کە : (( شارەزایانی کۆنو هاوچەرخی هونەرەکانی ئەدەب چەمکی لاسایی کردنەوەو شوێن پێ هەلگرتنی بەرهەمی کەسانی تریان بە وەرگرتنو دزیی ئەدەبی داناوە و تا ئەو رادەیە بە خەوش نەزانراوە کە نەگەیشتبێتە رادەی لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە کە رەسانەیەتیو کەسایەتی دەشێوینی ))(٦) لەگەلْ ئەوەشدا ئەو راستی یەیان نەشاردۆتەوە کە ((بەرهەمی لاسایی کەرەوە بەشێکی زۆری ئەدەبەکەیانی پێك هێناوە )) (٧) و وەك چۆن لە سەردەمی نیزامی دا لاسایی کردنەوە دیاردەیەکی ئاسایی بووەو خودی (نیزامی) خوی لە ئەسکەندەرنامەکەیدا لاسایی فردەوسی کردووەتەوە ،

لە سەردەمی (حافز)یشدا لاسایی کردنەوە دیاردەیەکی باو بووەو شاعیران لە شێوازدا شوێن پێی پێشینانیان هەلگرتووە و راستەوخۆ لاسایی شێوازی ( ئەنوەری ، ظهیر فاریابی ، کمال الدین اصفهانی و خاقانی ) یان کردووەتەوە شێوازی نیزامی شاعیری داستان سەرای گەنجەش لە گێرانەوەی شیعری( مەنزومە) داستانی بەرزی عاشقانەدا کە لە سەردەمی مەولەوی دا بەربلاْوو‌ییەکی زۆری بە خۆیەوە بینی و بوو بە پێشەنگ و قوتابخانە بۆ شاعیرانی سەردەمی حافز و کومەلێ داستان و پێنجینە( خمسە)یان لە سەر ئەوشێوازە دانا کە هیچ کامیان لە لایەنی هونەری و داهێنانی ناوەرۆکی تازەو شێوازە داستانیەکەیدا نەیان توانی بگەنە ئاستی بەرهەمەکانی نیزامی(٨)

لە قۆناغی (بازگشتی ئەدەبی )یش دا لاسایی کردنەوەی شاعیرانی پێشین بووە سیماو شەقلی دیاری قۆناغەکەو تیایدا کە شاعیران هەولْیاندا بەرهەمی شاعیرانی پێشوو بێ کەم و زیاد و لەبەرزترین ئاست دا زیندوو بکەنەوە و بە لاسایی کردنەوەیان بەرهەمێکی ئەوتۆ دارێژن کە هاوتای شیعری شاعیرە بەرزەکانی پێشوو بێت، لەو سەردەمەدا مەلیك الشعرا( فەتح عەلی خان صەبا ) بە شێوەی شاهنامەو بە هەمان کێش و رێکخستن شیعری حەماسی و شەری دائەڕشت ،.( سروس و مەجمەر ) یش شوێن پێی قەصیدە جوانەکانی ( فەرخی و مەعزی) یان هەلْدەگرت و شاعیرێکی وەك ( معتمدالدولە نشاط) بە هەوێنی غەزەلە رەوان و جوانەکانی حافز دەقی شیعری دەمەیاند (٩) .

ولە سەردەمی (مەشروتە)ی ئەدەبی فارسیشدا کە بە قۆناغی( کلاسیکی نوێ )ش ناودەبرێ کە تیایدا وەك چۆن شاعیرانی کلاسیکی نوێ ی عەرەب روویان لە لاسایی کردنەوەی (متنبیو ابی نواسو ابوتمام ...) کرد، شاعیرێکی وەك (بەهار)یش کە خۆی دارێژەری زاراوەی (بازگشت)بووە بۆ قوناغی پێشتر ، رووی لە کەلە شاعیرانی وەك (رودکیو ناصر خسرو و منوچهریو فرخیو فردوسی )کردووە شوێن پێیانی هەلگرتووەو لاسایی شێوازی شیعریی ئەو شاعیرانەی کردووەتەوە چ لە وەزنی شیعرییدا بووبێ یا لە ناوەرۆکدا بووبێت (١٠) .

هەر لێرەوە کاتێ لە روانگەی ئەو تێروانینەوە ئاور لە شیعری کلاسیکی کوردیش دەدەینەوە کە بەلایەوە رەوتی شیعری کلاسیکی کوردی رەوتێکی ناو بازنەی ئەدەبی ئیسلامی بووە و لەو زەمینە روشنبیرییەوە چەکەرەی کردووە کە شیعری میللەتە موسلْمانەکانی تری لەسەر چەکەرە کردووە ، ئەوا راستەوخۆ ئەو راستییە دێتە بەردەست کە پرۆسەی داهێنانی شیعری کلاسیکی کوردیشمان دەبێ هەر لە ژێر سایەی هەردوو دیاردەی لاسایی کردنەوەو داهێناندا و بەو چەمکەی لە ئەدەبی ئیسلامیدا هەلْیانگرتووە ، قۆزاخەی بەستبێو نەشونمای کردبێ ، بەم پێیەش بێت دەبێ هەر لە بازنەی رێبازە کلاسیکییەکەدا ئاوڕیان لێبدرێتەوەو مامەلْەیان لەگەلْدا بکرێت نەك لە دەرەوەی ئەو رێبازە تێیان بڕوانرێ وەك چۆن لە ئەدەبی عەرەبیدا رابەرانی (قوتابخانەی الدیوان) لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا لەو شاعیرانەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی خۆیانیان

روانیوە کە بە لاسایی‌کردنەوەی کلتووری شیعری عەرەبی سەردەمی عەباسیەکان رەنگیان بۆ قۆناغێکی ئەدەبی عەرەبی رشت کە بە قۆناغی بووژانەوە ناودەبرێت بەلای (الدیوان)یەکانەوە بەرهەمی بێ بەها بوون مادام پشتیان بەلاسایی کردنەوە بەستووە(١١) ، هەروەها هەروەك چۆنیش لە ئەدەبی فارسیداو بەلای نووسەرێکی وەك (شفیعی کدکنی ) قۆناغی (بازگەشتی ئەدەبی)ی بە قۆناغی جوینەوەی شیعری پێشینان داناوە نەك داهێنان(١٢) کە بەلای ئێمەوە بۆ خۆیان تێروانینێکی نادروستن چونکە دوور لە چەمکی لاسایی کردنەوەو داهێنانی سەردەمە کلاسیکی‌یەکە گەلالە کراون هەروەك چۆن لە ئەدەبی کوردیشماندا نووسەرێکی وەك سیاپوش مان لە سەرەتای سی‌یەکانی سەدەی رابردوودا بە دیدیکی واقعیانە لە شیعری کلاسیکی کوردی دەروانی‌و وەك خۆی دەلی : (لەبەر ئاهی سویند نەبی شاعیرمان نی‌یە چونکە کەسانی وەك نالی‌وسالم‌ومەحوی لە لاسایی کەرەرەوەیەکی نەشارەزای شیعری فارسی زیاتر هیچی تر نەبوون ) (١٣).

دیارە لێرەدا پێویست بە ئاگاداربوون لە راو تێڕوانینی شاعیرانمان خۆیان دەربارەی لاسایی کردنەوەو داهێنان، دەکات تا وردتر لە چوارچێوەی قۆناغە کلاسیکی یەکەدا لە هەردوو پرۆسەکە بڕوانین ، ئەوەی لەم بوارەشدا هەر زوو دێتە بەردەستمان‌و سەرنجمان رادەکێشی ئەم بەیتانەی(نالی‌و سالم)ن :

(نالی )دەڵێ :

ئەو گەوهەری نوکتە کە لە نالی دەدزن خەلق
ئاوی نی‌یە وەك ئاگری بی شەوقی دزانە (١٤)

سالم)یش دەلی

دەست زەنی ئەشعاری خاقانی‌و غەیرەم قەت نی‌یە
قالە نیم بدزم لە هەر سەتری کەلامی ئەنوەری
شیعری کەس نانیمە ناو شەرحی بەیازم تاببم
میسلی خەلکی نیمە ئەعلا حیلەو ئەفسونگەری (١٥)

وەك دەردەکەوێ هەردووکیان باس لە دیاردەی (دزی ئەدەبی )دەکەن‌و بە ئاشکراش خۆیانی لێ پاك دەکەنەوەو شاعیرانی تری پێ لەکەدار دەکەن ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە جێگای لە سەروەستان چ لە سەر خودی زاراوەکەو چ لەسەر رادەی خۆ پارێزیان لە دیاردەکە .

ئەوەی ئاشکرایە دیاردەی دزی ئەدەبی یەکێك بووە لەو دیاردانەی پرۆسەی شیعری کە هەر لە سەدەی دووەمی کۆچی‌یەوە بووەتە جێگای بایەخ پێدانی نووسەران‌و رەخنەگرانی عەرەب کراوەتە بنەمایەکی دیاری رەخنەی پراکتیکیش ، دیارە ئەم بایەخ پێدانەش ئاکامی رووبەڕووبوونەوەیان بووە لە گەڵ دیاردەکەدا بەو رادەیەی کە لە بەرهەمی سەرجەمی شاعیراندا بەدییان کردووە هەر لەسەرەتاوە بەو گریمانەیە کاریان لەسەرکردووە کە : (پرۆسەی داهێنان لە بۆشایی‌یەوە سەرهەڵنادات‌و لە نەبووەوە بەرهەم ناهێنرێ بەڵکو کردەیەکی لەسەریەك کەڵەکەبووەو ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامی نێوان داهێنەرانەو هیچ شاعیرێ ناتوانی نکوڵی لێبکات)، هەر لێرەشەوە خودی زاراوەی (دزی)لە واتا زمانی‌یە رەوشتی‌یەکەیەوە گواستڕایەوە بۆ بواری داهێنانی شیعری‌و وەك زاراوەیەك بە مانای (گواستنەو وەرگرتن‌و خواستن) بەکارهێنراوەو دەیان زاراوەی تری وەك : (الاصطراف ، اجتلاب استلحاق، انتحال، الاغارە،الغصب،المرادفەالاهتدام، الاختلاس،الموازنە، الالتقاط،

التلفیق،.....هتد) (١٦) یان له دەوری چەمکی دزی ئەدەبی کۆکردووەتەوەو هەندێ لەو زاراوانەش بۆ دزی ئەدەبی چاك و پەسەند بەکارهێنراوەو هەندێکیشیان بۆ دزیەکی ئەدەبی دزێووناشیرین بەکارهاتوون و بەو تێروانینە لە بواری پراکتیکدا بەکاریان هێناون کە : ( داهێنەر چاکەی خۆی دیارە ، هەرچی شوێن پێ هەڵگرە ئەوا ئەگەر سەرکەوتووانە دەستی برد بۆ واتای کەسانی ترو توانای ئەوەی هەبوو ئەگەر درێژبوو کورتی کاتەوە یا نادیار بوو روونی کاتەوە ئەوا دەخرێتە پێش داهێنەری واتاکە خۆ ئەگەر لەگەڵ داهینەرەکەدا هاوشان وەستایەوە ئەوا بە شوێن پێ هەڵگرێکی چاك دەناسرێ و ئەگەریش سەرکەوتوو نەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ واتا وەرگێراوەکەدا ئەوا بە لاوازو بێ توانا ناودەبرێ)(١٧) بەم پێیە تێروانینی رەخنەیی بۆ (داهێنەر)و(لاسایی کەرەوە) بەو جۆرە بووە کە پلەو پایەی داهێنەر لە سەرەوەیەو( لاسایی کەرەوە )لە دوایەوە دێتو لە سێ ئاستدا دەبینرێن : لاسایی کەرەوەیەك کە پێش داهێنەر بکەوێ ، لاسایی کەرەوەیەك کە هاوشانی داهێنەر بێت ، لاسایی کەرەوەیەك کە بێ توانا بێتو پلەو پایەکەی لە دوای داهێنەرەوە بێت هەر ئەم چەشنە مامەڵەکردنەی رەخنەی کلاسیکی عەرەبی لەگەڵ دیاردەی دزی ئەدەبیدا بووەتە رێگەخۆشکەرێك بۆهەندێ لە رەخنەگرانی هاوچەرخی عەرەبی تا هەردوو زاراوەی (دزی ئەدەبی)لە رەخنەی کۆنداو (دەقئاویزان)لە رەخنەی نوێدا بخەنە ناو چوارچێوەی یەك چەمکەوە .

هەر لێرەوە کاتی ئاوڕ لە بەیتەکەی (نالی)و دوو بەیتەکەی( سالم)یش دەدەینەوە ، ئەم تێبینیانەمان لا گەڵاڵە دەبێت :

ا : هەردووکیان لە روانگەی دەلالەتە رەوشتیەکەی (دزی)یەوە لە دیاردەکەیان روانیوە ئەمەش بە ئاشکرا لە بەیتەکەی نالی دا دەبینرێ بەو پێیەی بە دوورکەوتنەوە لێی خۆی پێ بەرزدەکاتەوەو بە پەنابردن بۆی شاعیرانی تری پێ نزم دەکاتەوە .

ب : نابێ ئەو چەشنە خۆداماڵینەیان لە دیاردەی دزیی ئەدەبی وا لێك بدرێتەوە کە بە هیچ شێوەیەك سوودیان لە کلتووری شیعری خۆیانو میللەتانی تر وەرنەگرتووە چونکە وەك هەر شاعیرێکی تر ئەمانیش سوودیان لە تاقیکردنەوەی شیعری شاعیرانی تر وەرگرتووە وتەنانەت تا رادەی لاسایی کردنەوەش لاساییان کردوونەتەوە ئەوەتا (نالی) لە دەقی (دەروونی لدارلشارەزوری وە بەردیهی) شوێن پێی دوو شاعیری کوردی پێش خۆی هەڵگرتووەو هونەرمەندانە لاسایی کردوونەتەوە ، ئەو دوو شاعیرەش یەکێکیان نازناوەکەی (قانیع)بووەو لە دەقێکیدا وتوویەتی:

فی دلی شەوقون ئیلا روخساریهی

ان اگم روزا اپد فی داریهی

زلفه الترار یا شب صد دلا

اذ یکند السیر کرد عزاره

شاعیرەکەی تر نازناوی (بەهاری)یەو لە دەقێکیدا دەڵێ :

جیدت برگ العیش من بستانه

فارغا من هجر مثل خزانه

رکنا لو پردت لا تعجبوا

دیدته والتیغ فی دستانه

صار یەکتایا (بهاری) فی الجیهان
من نزاکت لفظ نظم روانه (١٨)

هەر لای( نالی ) و لەم دەقەیدا کە تیایدا دەڵێ :

یا بدر ُعلواً وضیاءً وکمالا
فالغصن ُمع الأصلِ الی فرعك مالا

تا سونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئالا
من دودی هەناسەم گەییە عالەمی بالا

ما عادلك البان ، ولا اللینة لیناً
اذ عدَلكَ الباریء حسناً و جمالا

من گریە ، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و ، ئەتۆ لوئلوئی لالا

بادِر ، و أغِر کوکبةَ البدر بداراً
قد فقتَ سَنا الشارقِ ، لا ذ ُقتَ زوالا (١٩)

بە ئاشکرا دیارە کە کاریگەر بووە بەم دەقە شیعرە عەرەبیەی (ابوبکر الخالدی ٩٩٠ م) یەوە :

یا شبیه البدر حسناً و ضیاءً و مثالا
و شبیه الغصن لیناً و قواماً و اعتدالا
انت مثل الورد لوناً و نسیماً و ملالا
زارنا حتی اذا ما سرَنا بالقرب زالا (٢٠)

هەرچی دەربارەی کاریگەربوونیشیانە بە شیعری فارسیەوە تا رادەی شوێن پێ هەلگرتن‌و لاسایی کردنەوە ئەوە جێگای گومان نییە چونکە هەر بە شوێن پێ هەلگرتنی شیعری فارسی روویان لە بنیاتی (غەزەل)و(قەسیدە)کرد ، بە بنەما ئاوازەییەکانیانەوە کە کێشی عەروزی‌و قافیەی یەکگرتوو پێکیان هێناوە نەك بنیاتی مەسنەوی بە کێشە برگەییەکەی و قافیە هەمەرەنگەکەیەوە کە بۆخۆی بنیاتێکی شیعری رەسەنی کوردی بووە ، بەم رەفتارە هونەرییەشیان ویستویانە وەك شاعیرێکی کورد شوێن پێی خۆیان لەناو شیعری میللەتە موسڵمانەکاندا بکەنەوەو تا رادەی شانکی (مونافەسە)کردنیان هەڵکشین بەم پێیە لاسایی کردنەوەی شاعیرانی ئەدەبی فارسی لایان‌و بە تایبەتیش لە بواری واتاو ناوەرۆکدا ، نەك هەر دزی نەبووە بەڵکو داهێنان

بووه مادام مەبەست لێی شان دان بووه لە شانیان بە شێوازیك كە پێش داهێنەرەكەی بكەون ، وەك لەم بەیتانەدا دەبینرێن :

شاه نعمت الله ولی :      اب چشمم روان فروشوید
نقش غیری که دیده بنگارد (٢١)

نالی :      مەگەر هەر پاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دل
كە نەقشی غەیری ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ (٢٢)

حلاج :      من نقد دل و جان را درپای تو افشانم
گر دست دهد خلوت ای دوست شبی با تو(٢٣)

نالی :      نەقدی دل و جان بۆ قەدەمت نیمە بەهایە
غەیری ئەمە ، قوربان ، بە خودا نیمە بەهایی (٢٤)

فروغی بسطامی :      سواد زلف و بیاض رخ تو روشن كرد
حكایت شب تاریك و روز روشن كرد (٢٥)

سالم :      سەوادی چینی زولفت وەك شەوی تار
بەیاضی عارضت وەك ماهی ئەنوەر (٢٦)

صائب :      تا خط به دور ماه رخت هاله بستەاست
از هاله مه به حلقه ماتم نشستەاست (٢٧)

سالم :      دەوری رووی داوە خەمی سونبولی موو
هەروەكو هالە بە دەوری قەمەردا (٢٨)

حزین :      خزان چهره ما رشك لالەزار شود
اگر بهار كند اشك ارغوانی ما (٢٩)

سالم یش دەلی :      خەزانی رەنگی من بو ئاینەی رووت
خەزانم دی لە ئاغوشی بەهارا (٣٠)

شیخ كمال خجندی :      كشته چشم تو ام به شیوەو ناز
نظری روی كشتگان انداز (٣١)

مەحوی : کوشتەی ئەو چاوەم لە جەمعی کوشتەگان
خەنجەری موژگانی من ( منها) دەکا (٣٢)

مولوی : کبوتر دل من شکار باز پرید
خنك زمانی کو از شکار باز اید (٣٣)

مەحوی : کۆتری دڵ چەنگوڵی بازی قەزا یەعنی موژەی
دی بە زولفی چوو پەنا با کەوتە نێو داوی بەلاٰ (٣٤)

ج : هەرچی دەربارەی سوود وەرگرتنیشیانە لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی فارسیش ، ئەوا دیارە ناتوانرێ نکولی لەوە بکرێ کە سەرچاوەی سەرەکی فەرهەنگی شیعریان شیعری فارسیو عەرەبی و زمانی روشنبیری سەردەمەکەیان بووە کە زمانێك بووەوبۆخۆی لە ژێر کاریگەری زمانی فارسیدا بووە هەر بۆیە بینینی وشەو دەستەواژەکانی شیعری فارسی لای (نالیوسالمومەحوی) دیاردەیەکی ئاساییەو نابێ راستەوخۆش بەرەو ئەو بروایەمان ببات کە سەرجەمیان دزراوو وەرگیراوی شیعری فارسین یاخود ئەوانەی لەوانەوە وەریان گرتوون وەك ئەوان بەکاریان هێناونەتەوە ، وەك لەم بەیتانەدا دەبینرێن :

سالم دەڵێ بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی خوماری میحنەتی دنیا
الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها (٣٥)

مەحوی بەبێ بەزمی حوزوری تۆ حەرامم کردووە بادە
نەوەك بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی (٣٦)

ئاساییە لێرەدا خوێنەر راستەوخۆ بۆ ئەوە بچێ کە (نەشئە)و( مەی)و(خومار) لە فەرهەنگی شیعری فارسییەوە وەرگیراون بەلام ئەوەی ئاسایی نابێ ئەوەیە کە ئەو بەیتانە بە (دزی ئەدەبی) دابنرێن چونکە پاش سەرژمێرییەکی ئەو وشانە لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی فارسیدا بۆمان دەرکەوت کە : لە (ملیونیك)بەیتی(١٠١)شاعیری کلاسیکی فارسیدا(٣٧) تەنها لە(١٣)بەیتدا هەردوو وشەی(نەشئە)و(می)دەبینرێنو لە(٧)بەیتیشدا دەستەواژەی(نەشئەی مەی)هاتووەو تەنها لە یەك بەیتدا کە ئەم بەیتەی (نظیری نیشاپوری)یە وشەی (خومار) لەگەل (نەشئەی مەی) هاتووە :

چە عیش سور میسر شود ز دورانی
کە عقد نشئە می با خمار می بندد (٣٨)

وەك دەریش دەکەوێ چنینی هەردوو بەیتەکە بەو وشەو دەستەواژانە لای( سالمو مەحوی ) نەك هەر جیاوازن لە بەیتە فارسییەکە بەڵکو جوانترو شیعریانەتر بەدی هێنراون بۆیە دەبێ وەك داهێنان تێیان بڕوانرێ نەك دزی.هەر لێرەدا دەکرێ ئەوەش بخەینە روو کە بەلامانەوە وشەی دوای (خومار)ەکەی بەیتەکەی مەحوی (دورد)ە کە واتای (خڵتەی مەی)دەگەیەنی نەك (دەرد) وەك لە دیوانەکەیدا لێکدراوەتەوە(٣٩)

لەم بەیتەی (مەحوی )یشدا کە دەڵێ : دەموزاری تیا مابیتەوە رەنگاری ریق ئەمما
پیالێکی عەقیقە پر لە بادێکی عەقیق ئەمما (٤٠)

ئەوەی تێبینیمان کردووە وشەی (ریق) تەنها چوار جار لە لای شاعیران فارس بەکار هاتووە لەو چوارجارەشدا لەگەل پیالەو بادەو عەقیق دا نەهاتووە هەربۆیە نەك هەر نادروستە فەرهەنگی شیعری فارسی بە سەرچاوەی

ئەو بەیتەی مەحوی دابنرێ بەڵکو دەبێ ئەو چەشنە هاوشێوە کردنەی نێوان وشەکانی نێو ئەو بەیتە بە داهێنانێکی مەحویو شیعری کوردی دابنرێ کە لە شیعری فارسیدا نابینرێ راستی ئەم تێروانینەشمان راشکاوانە لە بەشی دووەمو سێیەمدا دەخەینە بەردەست بەوەی کە پیشانی دەدەین کە نەك هەر فەرهەنگی شیعریی خۆیان بە دەیان وشەو دەستەواژە دەوڵەمەند کردووە بەڵکو فەرهەنگی شیعری فارسیشیان بە کۆمەڵێ دەربڕینی شیعری موتوربەکردووە .

بەشی دووەم : وشەو دەستەواژەی تایبەت بە فەرهەنگی شیعری (نالی و سالمو مەحوی):

گەلێ لەو نووسەرو لێکۆلەرانەی کە باسیان لە پەیوەندی نێوان شیعری کوردی و شیعری فارسی کردووە و پراکتیکیانە کاریگەری شیعری فارسیان لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کورد دەرخستووە ئەو بۆچوونەشیان خستۆتە بەردەست کە لە پاڵ ئەو کاریگەربونەی شاعیرانی کورد بە ئەدەبی فارسیەوە هێشتا هەر سیماو شەقڵی رەسەنایەتی بە دەقی شیعری کوردی یەوە دەبینرێ ، بەلام بێ ئەوەی پێمان بڵێن ئەو سیماو شەقلە رەسەنانە کامانەن کە بەدەقی کلاسیکیمانەوە دەبینرێن ئەوەتا لەم رووەوە د. محمد نوری عارف دەڵێ: ( شاعیرەکانمان ...... بە شێوەیەکی گشتی تا ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی دا بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەداوە ، ئەو کارتێکردنە بە هۆی چێژو سەلیقەو باڵادەستی هەندێ لە کەڵە شاعیرانمان چۆتە بەرگێکی رازاوەی نایاب و تایبەت بە خۆیانەوە ) بێ ئەوەی (د.محمد نوری عارف ) کەموزۆر پێمان بلێ رەسەنایەتیەکەیان کامەیەو لە کوێدایە ( ٤١ )

هەروەها د. ئەمین موتابچیش رای وابووە کە ( شاعیرەکانمان بەرهەمی شاعیرە کەڵەکانی فارسی کاریتێکردوون ، چونکە دەبینین کە بەرهەمی حافز لەو بەرهەمانە بووە کە زۆر ئاسایی شارەزای بن و لە زۆر شوێندا لە شیعرەکانیاندا ناوی بهێنن) هەروەها دەڵێ: ( دەمەوێ ئەوە پیشان بدەم کە شاعیرەکانمان درێغیان نەکردووە و توانیویانە ئەگەر لەوە باشتر نەبن کەمتر نەبن ) ( ٤٢) بێ ئەوەی (د. ئەمین موتابچی) ئەوە روون بکاتەوە کە چۆن توانیویانە ئەگەر شاعیرانی کلاسیکیمان لە شاعیرانی فارسی باشتر نەبووبن لەوان کەمتر نەبوون ، هەر بۆیە ئێمە لێرەدا روو لە بوارێك لەو بوارانە دەکەین کە شاعیرانی کلاسیکیمان لە بازنەی شیعری کلاسیکی میللەتە موسلمانەکاندا روویان تێ کردووە تا بەهۆیەوە سیماو شەقڵی رەسەنایەتی بە دەقی شیعری کوردی ببەخشنو لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی شیعری خۆیاندا بەرەو داهێنان هەڵکشێن ئەو بوارەش زمانی شیعری بەگشتیو فەرهەنگی شیعریە بەتایبەتی کە هونەرمەندانە کاریان تێدا کردوون داهێنانیان پێ ئەنجامداون ، بۆ خستنە رووی ئەم راستیەش سەرنجمان لە فەرهەنگی شیعری هەر یەکە لە (نالیو سالمو مەحوی ) داو لە ئاکامی ئەو سەرنجدانەش توانیمان کۆمەڵێ وشەو دەستەواژەی تایبەت بە فەرهەنگی شیعری هەریەکەیان دیاری بکەین کە تا ئێستا کەموزۆر هیچ لێکۆلینەوەیەك ئاوری لێ نەداونەتەوە ئەمە لە کاتێکدا ئەو وشەو دەربڕینانە هەر وەك چۆن زمانی شیعریانی دەوڵەمەند کردووە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیشیان داوە بە دەنگی شیعری هەریەکەیان چ لە بازنەی شیعری کلاسیکی کوردیدا بێت یان لە بازنەی شیعری کلاسیکی میللەتە موسڵمانەکاندا بێت چونکە هەر بەو وشەو دەستەواژانە سیمای داهێنانیان بەو بابەتە شیعریانە بەخشیوە کە بابەتی باوی شیعری کلاسیکی بوو هەر بۆیە نالی وتوویەتی :

(کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردیە خۆکردیە+ هەرکەسی نادان نەبێ خۆی تالیبی مـەعنا دەکا) مەبەسـتی ئـەوە بوو کە بزانە چۆن بە زمانی کوردی  داهێنەرانە مانام چنیوە )(٤٣)
ئەمەش ئەو وشەو دەستەواژانەن کە تایبەتن بـە فەرهـەنگی شـیعری هەریەکـە لـە( نـالیو سـالمو مـەحوی )و لـە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی فارسیشدا بەکارنەهێنراون(٤٤) :

| نالی | سالم | مەحوی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ئاسمانی بیستون | نیە | نیە | نیە |
| ئاگری بێ شەوقی دزان | نیە | نیە | نیە |
| ئاڵی ئەشك | نیە | نیە | نیە |
| ئاڵو والاّ | نیە | نیە | نیە |
| ئاهویی بەڕ | نیە | نیە | نیە |
| ئاهویی گەردن | نیە | نیە | نیە |
| ئاهویی نادیدە | نیە | نیە | نیە |
| ئاهی دود رەنگ | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی ئینسان | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی حەماماتی حەرەم | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی زەرقا | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی سوێری چاوم | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی گەلوگیر | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی مەودا | نیە | نیە | نیە |
| ئایینەی روپاکی | نیە | نیە | نیە |
| ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر | نیە | نیە | نیە |
| ئەخذو عەطا | نیە | نیە | نیە |
| ئەرضی مەهلەکە | نیە | نیە | نیە |
| ئەستونەیی زێرین | نیە | نیە | نیە |
| ئەسکەندەری جەم جا | نیە | نیە | نیە |
| ئەشك و ئەلەم | نیە | نیە | نیە |
| ئەصحابی بێ روقود | نیە | نیە | نیە |
| ئەعضایی نالینم | نیە | نیە | نیە |
| ئەفلاکی سەربان | نیە | نیە | نیە |
| ئەلواحی ئەلحەد | نیە | نیە | نیە |
| ئەلوانی گولامێز | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەلیفی چایەر | نیه | نیه | نیه |
| ئەنهارو جۆگە | نیه | نیه | نیه |
| ئەهلی وەسیله و مەسئەله | نیه | نیه | نیه |
| ئوصوڵی ناله | نیه | نیه | نیه |
| ئیددیعای شاهی | نیه | نیه | نیه |
| ئیشان و نیشان | نیه | نیه | نیه |
| ئیفتیرا و بوهتان | نیه | نیه | نیه |
| ئیکسیری سوهەیل | نیه | نیه | نیه |
| ئیکسیری قەلبی خاك | نیه | نیه | نیه |
| ئینسانی خەراب | نیه | نیه | نیه |
| بابایی عەیار | نیه | نیه | نیه |
| بادی خۆش مرور | نیه | نیه | نیه |
| باغچە سەرا | نیه | نیه | نیه |
| باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی | نیه | نیه | نیه |
| باوەشێنی دڵ | نیه | نیه | نیه |
| بەبەرگ و بار | نیه | نیه | نیه |
| بەردەبازی رێت | نیه | نیه | نیه |
| بەردی خەراجی گەوهەر | نیه | نیه | نیه |
| بەردی بەقیمەت | نیه | نیه | نیه |
| بەردی رەق | نیه | نیه | نیه |
| بەردی سەرما | نیه | نیه | نیه |
| بەرگی بەنەوشە | نیه | نیه | نیه |
| بەرگی دنیا | نیه | نیه | نیه |
| بەرگی عەترپۆش | نیه | نیه | نیه |
| بەرگی کەعبە | نیه | نیه | نیه |
| بەرگی یەمەن | نیه | نیه | نیه |
| بەزمی رەقیب | نیه | نیه | نیه |
| بەزمی هوزار | نیه | نیه | نیه |
| بەیاضی غوررە | نیه | نیه | نیه |
| بگرە بەردەیی | نیه | نیه | نیه |
| بلقی سەرئاو | نیه | نیه | نیه |
| بوراقی باریقە | نیه | نیه | نیه |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بورجی درەختی سەوز | نیە | نیە | نیە |
| بۆیی هەناسە | نیە | نیە | نیە |
| بێنێکی ریا | نیە | نیە | نیە |
| بیَ دەنگ و داوا | نیە | نیە | نیە |
| بیَ دەنگ و وەڕە | نیە | نیە | نیە |
| پارچەی بیَ بەدەل | نیە | نیە | نیە |
| پارچەی غەزەل | نیە | نیە | نیە |
| پالاَنی و گێژ | نیە | نیە | نیە |
| پان و درێژ | نیە | نیە | نیە |
| پایزی کورت | نیە | نیە | نیە |
| پەروێزەیی خوێن | نیە | نیە | نیە |
| پەچەیی پەرچەم | نیە | نیە | نیە |
| پەرچەم و پیشانی | نیە | نیە | نیە |
| پەرچەمی سونبولی | نیە | نیە | نیە |
| پەرچەمی چین چین | نیە | نیە | نیە |
| پەشێوی دڵ | نیە | نیە | نیە |
| پەلە بەفرێك | نیە | نیە | نیە |
| پەنجەیی ئاڵ | نیە | نیە | نیە |
| پرد و مەعبەر | نیە | نیە | نیە |
| پرچی سیا | نیە | نیە | نیە |
| پشتانی قەدت | نیە | نیە | نیە |
| پوش وپوشو | نیە | نیە | نیە |
| پوش و درك و داڵ | نیە | نیە | نیە |
| پیرێکی نەزان | نیە | نیە | نیە |
| پیرم و فانی | نیە | نیە | نیە |
| پیروفوتادە تەن | نیە | نیە | نیە |
| تاجی قوربی ( عندالله) | نیە | نیە | نیە |
| تەغنیە و تەرەب | نیە | نیە | نیە |
| تیری جەفیر | نیە | نیە | نیە |
| جەننەتی روو | نیە | نیە | نیە |
| جلەو کێشی تەماشا | نیە | نیە | نیە |
| جیلوەیی رەقص | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حەبەش زادەیی رۆم | نیە | نیە | نیە |
| خاتیری زاهیدی خالی | نیە | نیە | نیە |
| خەددی فاریغ | نیە | نیە | نیە |
| خەرمانی رۆم | نیە | نیە | نیە |
| خەڵاتی وەصلی تۆ | نیە | نیە | نیە |
| ختوتی دەوری لێوت | نیە | نیە | نیە |
| درێغ و حەیف | نیە | نیە | نیە |
| زولفەینی دوتا | نیە | نیە | نیە |
| سونبولی تاتا | نیە | نیە | نیە |
| شاد و شاداب | نیە | نیە | نیە |
| شاهی نەوبەهار | نیە | نیە | نیە |
| شەمسی ئەنوەر | نیە | نیە | نیە |
| شەهەنشاهی دلدەر | نیە | نیە | نیە |
| شوراوی سروشکم | نیە | نیە | نیە |
| شیعری سەلیقی | نیە | نیە | نیە |

| سالم | نالی | مەحوی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ئاهوی خەیال | نیە | نیە | نیە |
| ئەشکی ئاتەشناك | نیە | نیە | نیە |
| ئەفلاکی خەیاڵ | نیە | نیە | نیە |
| ئەهلی حەسرەت | نیە | نیە | نیە |
| ئیکسیرە خاك | نیە | نیە | نیە |
| بابی خەیال | نیە | نیە | نیە |
| بازی چاوی یار | نیە | نیە | نیە |
| بالی نەحل | نیە | نیە | نیە |
| بای خەزانی فیرقەتت | نیە | نیە | نیە |
| بەرگی غەرەز | نیە | نیە | نیە |
| بەرقی ئاتەش زەن | نیە | نیە | نیە |
| بەزمی ئیرەم | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەزمی عیشوە | نیە | نیە | نیە |
| بەندەری زولف | نیە | نیە | نیە |
| بەیاضی ناصیە | نیە | نیە | نیە |
| بورجی ئوفوق | نیە | نیە | نیە |
| پاســەبانی ســەری ئــەم کۆیە | نیە | نیە | نیە |
| پەنجەی شێری گەردوون | نیە | نیە | نیە |
| پەیکانی نیگاه | نیە | نیە | نیە |
| پەیکی فیکرم | نیە | نیە | نیە |
| تابوری ئەلەم | نیە | نیە | نیە |
| تەنپەروەری نازن | نیە | نیە | نیە |
| تەنخواهی شیر | نیە | نیە | نیە |
| تەنپەروەری نازن | نیە | نیە | نیە |
| تەنخواهی شیر | نیە | نیە | نیە |
| جانی بیماران | نیە | نیە | نیە |
| جەوری حاجیب | نیە | نیە | نیە |
| جەوری دوو جیهان | نیە | نیە | نیە( جەورە جهان ٦) |
| جەوری قەصاب | نیە | نیە | نیە |
| جۆشی خاتر | نیە | نیە | بەجیا هاتووە |
| جۆششی ئەشك | نیە | نیە | نیە |
| جیلوەگەری یار | نیە | نیە | نیە |
| جیسری شادی | نیە | نیە | بە جیا |
| چارەیی یار | نیە | نیە | نیە، بە جیا هاتووە |
| چاهی سمووم | نیە | نیە | نیە |
| چاوی ئەرغەوانت | نیە | نیە | نیە، بە جیا هاتووە |
| چەرخی چەپگەردی | چەرخی چەپی گەردون ١ | نیە | نیە |
| چەوگانی خیرەد | نیە | نیە | نیە |
| حــاجبی بەدبــەختی حەسوود | نیە | نیە | نیە،بەجیا هاتووە |
| حەجی کەعبەی خەیالت | نیە | نیە | نیە |
| حەزینی دڵ | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حوکمی جازیبە | نیە | نیە | نیە |
| حوکمی عەدەم | نیە | نیە | نیە،بەجیا هاتووە |
| خاری ئەلەم | نیە | نیە | نیە |
| خاکی جانانە | نیە | نیە | نیە |
| خاکی دڵگیر | نیە | نیە | نیە |
| خاڵی موهرەیی وەصلت | نیە | نیە | نیە |
| خانەیی خارپوشت | نیە | نیە | نیە |
| خەبط و خەطا | نیە | نیە | نیە |
| خەتی ئەمیر | نیە | نیە | نیە |
| خــــەراجی مـــــولکی مەخروب | نیە | نیە | نیە |
| خەرمانی وجوودم | نیە | نیە | نیە |
| خەزانی رەنگ زەردم | نیە | نیە | نیە |
| خەلوەتی دووروو | نیە | نیە | نیە |
| خەمری چلە بین | نیە | نیە | نیە |
| خەنجەری بوران | نیە | نیە | نیە |
| خەنجەری ذول جەوشەن | نیە | نیە | نیە |
| خەیاڵی غەمزە | نیە | نیە | نیە |
| خوای صاحب مەکان | نیە | نیە | نیە |
| خوای لامەکان | نیە | نیە | نیە |
| خوەی عارض | نیە | نیە | نیە |
| خووبانی سیەه روو | نیە | نیە | نیە، بە جیا هتووە |
| خووبی مەعشوقە | نیە | نیە | نیە |
| خوسرەوی عەشق | نیە | نیە | نیە |
| خویی حەبیب | نیە | نیە | نیە |
| خویی فەرەنگ | نیە | نیە | نیە |
| خوینی تازەگی | نیە | نیە | نیە |
| خوینی زەرفی بەدەنم | نیە | نیە | نیە |
| خوینی حەریری رەنگی دڵم | نیە | نیە | نیە |
| دامی گیسوو | نیە | نیە | نیە |
| دایەی ئەزەل | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| درەختی طوبا | نیە | نیە | نیە،بەجیا هاتووە |
| دەستی فەصاد | نیە | نیە | نیە |
| دەردی عەشاقان | نیە | نیە | نیە |
| دەردی مەحرور | نیە | نیە | نیە |
| دەرگانەی حەرەم | نیە | نیە | نیە |
| دەوری بەهاران | نیە | نیە | نیە |
| دلی پر میحنەتم | نیە | نیە | نیە |
| دلی پر کەدەر | نیە | نیە | نیە |
| دیدەی پەست | نیە | نیە | نیە |
| دیدەی گوڵ رەوشەن بێ | نیە | نیە | نیە |
| دیدەت خوماری مەی | نیە | نیە | نیە |
| | | | |
| مەحوی | نالی | سالم | فارسی |
| ئاساری خەط | نیە | نیە | نیە |
| ئاونگی عەقڵ | نیە | نیە | نیە |
| ئاوی زەحمەت | نیە | نیە | نیە |
| ئاهی سینەیی من | نیە | نیە | نیە |
| ئەبریشـــــمی خـــــاوی نیگارینت | نیە | نیە | نیە |
| ئەهلی تەزویرو فەسادن | نیە | نیە | نیە |
| بابی عەطا | نیە | نیە | نیە |
| بادی خەجاڵەت | نیە | نیە | نیە |
| بادیکی عەقیقی | نیە | نیە | نیە |
| بازی قەضا | نیە | نیە | نیە |
| بریقەی بەرقی جیلوە | نیە | نیە | نیە |
| بوراقی تەوسەنە | نیە | نیە | نیە |
| پەیرەوی مەنصور | نیە | نیە | نیە |
| پولی نارواج | نیە | نیە | نیە |
| پیاڵەی دیدە | نیە | نیە | نیـــە ( پیالـــە چشـــم ١ صائب) |
| پیری پیرانی بوخارا | نیە | نیە | نیە |
| تەمی غەم | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جاهی موسەوی | نیە | نیە | نیە |
| جەماعەتی ئینس | نیە | نیە | نیە |
| جەمعی کوشتەگان | نیە | نیە | نیە |
| جونونی نەوزوهور | نیە | نیە | نیە |
| جیبریلییە شاتر | نیە | نیە | نیە |
| حەزرەتی پەروانە | نیە | نیە | نیە |
| حروفاتی کائینات | نیە | نیە | نیە |
| حوسنی بێچونی نیگار | نیە | نیە | بەیەکەوە نیە |
| خەستەخانەی عیشق | نیە | نیە | نیە |
| خوینی خامی میسك | نیە | نیە | خون خام (٥) |
| داوی زولف و خەت | نیە | نیە | نیە |
| دامی میسك | نیە | نیە | نیە |
| دەستی حەنا نیگار | نیە | نیە | بەیەکەوە نیە |
| دەفتەری سەرگەشتگان و خاکساران | نیە | نیە | نیە |
| دلی بێ بار | نیە | نیە | نیە |
| دیدە کەیلی ئەشك | نیە | نیە | نیە |
| روو بە خاڵ | نیە | نیە | نیە |
| روخصەتی حاجیب | نیە | نیە | نیە |
| زەمانەی پر تەعەب | نیە | نیە | نیە |
| زەمزەمەی ئایات | نیە | نیە | نیە |
| زەوقی زاهید | نیە | نیە | نیە |
| زرپنگی بەهار | نیە | نیە | نیە |
| زیارەتی شەمع | نیە | نیە | نیە |
| سەرحەدی مردن | نیە | نیە | نیە |
| سەری بێ تاج | نیە | نیە | نیە |
| سەروی مەوزونت | نیە | نیە | نیە |
| سەیلی بێ ئەمان | نیە | نیە | نیە |
| سوقی دەهر | نیە | نیە | نیە |
| سینەی جیهان | نیە | نیە | نیە |
| شاهی عالی جاهی عیشقە | نیە | نیە | عالی جاە (٢) |
| شەخصی ئاتەشخو | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شەرارەی فیرقەتە | نیە | نیە | نیە |
| شەرەفیابی شەهادەت | نیە | نیە | نیە |
| شەکراوی حەیات | نیە | نیە | نیە |
| شەمعی حوسنی جانانە | نیە | نیە | نیە |
| شەهیدی عیشق دۆست | نیە | نیە | نیە |
| شەیتانی شەقی | نیە | نیە | نیە |
| ضةبطی موڵکی دڵ | نیە | نیە | نیە |
| عەبیری خەطی تۆ | نیە | نیە | نیە |
| عولـــــوی مەرتەبــــەی سەرداره | نیە | نیە | نیە |
| غاصیبی مالی عیباد | نیە | نیە | نیە |
| فەرشی ئاتەشخانە | نیە | نیە | نیە |
| قاپی خەرابات | نیە | نیە | نیە |
| قاپی کەرەم | نیە | نیە | نیە |
| قولزومی مەوت | نیە | نیە | نیە |
| کەعبەی مەحەببەت | نیە | نیە | نیە |
| کولبەی بێ دەر | نیە | نیە | نیە |
| گوڵاو و ئاگراو | نیە | نیە | نیە |
| گولەی وەروەر | نیە | نیە | نیە |
| لالەو عەنبەر | نیە | نیە | نیە |
| لۆمەی عەقل | نیە | نیە | نیە |
| لێوی حەیات ئەفزات | نیە | نیە | نیە |
| لێوی نەی ژەن | نیە | نیە | نیە |
| مەسلەخ و قەصاب | نیە | نیە | نیە |
| مەیکەشی مەشرەب | نیە | نیە | نیە |
| مەیلی تەنهایی | نیە | نیە | نیە |
| نەباتی میصری لێوت | نیە | نیە | نیە |
| نەجمی فوتوح | نیە | نیە | نیە |
| نەخوەتی شاهانە | نیە | نیە | نیە |
| نەخۆشی عیشقی لێوت | نیە | نیە | نیە |
| نەشئەی خیتامی میسك | نیە | نیە | نیە |
| نوری دامی تەنویرت | نیە | نیە | نیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نوری عومر | نیە | نیە | نیە |
| نیگاهی مەستی | نیە | نیە | نیە |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

بەشی سێیەم :

وەك پیشتر ئاماژەمان پێدا ، هیچ كاتێ ناتوانرێ نكوڵی لەو راستییە بكرێ كە شاعیرانی كلاسیكیمان بە گشتیو( نالیوسالمو مەحوی)ش بە تایبەتی وەك شاعیرانی میللەتە موسلمانەكانی تر ئەمانیش لە بازنەی ئەدەبی فارسیدا چرۆیان بە تاقیكردنەوەی شیعریی كردووەو شیعری فارسی بۆیان بووەتە سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندی پرۆسەی داهێنان بەڵام لێرەدا دەبێ ئەو راستییەش فەراموش نەكرێ كە لە چوارچێوەی ئەو لاسایی كردنەوەیەی شیعری فارسی دا شاعیرانی كلاسیكیمان كارامانە توانیویانە سیماو شەقلی داهێنان بە دەقەكانیان بپوشن بە تایبەتی لە بواری فەرهەنگی شیعریدا بەرادەیەك كە فەرهەنگی شیعری كلاسیكی كوردی دەوڵەمەندتر بكەنو بواری نوێ لە بەردەم بنیاتنانی وێنەی شیعریدا بكەنەوە ئەم راستییەش بۆخۆی لەم دوو لیستی سەرژمێرییەی ئەو دەستەواژانەدا دەردەكەوێ كە دەربارەی هەر یەكە لەو سێ شاعیرە ئەنجاممان داون :

١- رێژەی ئەو دەستەواژانەی كە لە (٨٠٠) دەستەواژەی ناو دیوانی (نالی و سالم و مەحوی ) دا تایبەتن بە فەرهەنگی شیعری خۆیان یان تەنها لە (١ تا ١٠ ) جار لە لای (١٠١ ) شاعیری كلاسیكی فارسی دا بەكارهاتوون :

ا - لە ٨٠٠ دەستەواژەی ناو دیوانی نالی دا :

| ژمارەی دەستەواژە | رێژەی بەكارهێنان |
|---|---|
| ٣١٠ | تایبەتن بە نالی خۆی و لە فەرهەنگی شیعری فارسی دا نابینرێن |
| ٨٢ | ١ جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ٣٣ | ٢ جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ٢٥ | ٣جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ١٩ | ٤جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ١٨ | ٥جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ١٠ | ٦ جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ١٦ | ٧ جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ٨ | ٨جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ١٠ | ٩ جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |
| ١٢ | ١٠ جار بەكارهاتووە لە فارسی دا |

ب- لە ٨٠٠ دەستەوازەی ناو دیوانی دیوانی سالم دا :

٢٥١- تایبەتن بە سالم خۆی و لە فەرهەنگی شیعری فارسی دا نابینرێن
٨٢ ١ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٤٧ ٢ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٤٤ ٣جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٢٦ ٤جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٢١ ٥جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٢٠ ٦ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٩ ٧ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٥ ٨جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٢ ٩ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٣ ١٠ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا

ج-لە ٨٠٠ دەستەوازەی ناو دیوانی دیوانی مەحوی دا :

٢٤٨ تایبەتن بە سالم خۆی و لە فەرهەنگی شیعری فارسی دا نابینرێن
٦٩ ١ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٣٣ ٢ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٢٢ ٣ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٢١- ٤ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٣ ٥ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٢١ ٦ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٥ ٧ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
١٢ ٨ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٩ ٩ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا
٦ ١٠ جار بەکارهاتووە لە فارسی دا

٢- نموونەی ئەو دەستەواژانەی کە لە فەرهەنگی شیعریی (نالیو سالمو مەحوی ) دا دەبینرێنو لە شیعری کلاسیکی فارسی دا تەنها ١ تا ١٠ جار بەکارهاتوون :

نموونە لەو دەستەواژانەی لای ( نالی ) بەکارهاتوون و لە لای شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی فارسی (یەك جار )بەکارهاتوون :

( ئەژدەهای زولف ، ئاشوبی مەحشەر ، ئاهوو رەوش ، ئاهوی چین ، ئاهی دوود رەنگ ، ئاوی سویری چاو ، ئیحرامی ئەدەب ، باری غەمی جان ، باری فیکر ، بەحری خوێ ، ئیقبالی رەحمەت، بەردی عەجوز ، پولاَ و ئاسن ، تاجی عەرەب ، جەننەتی دیدە، تەنی راضی ، طاهیر و طەهور ، تەمکینی تەکیە ، جگەر سوتاو ، ئەمری یەزدان ، تەسبیحی مورغان ، تەشریفی رێگەت ، حەرەمی موحتەرەم ، حەلقەی گەردن ، حەبیبانی نازەنین، حوققەی دەم و جەوهەر ، حیکمەتی شیعر خاریقی عادات ، جیفە خواری ، خەط بە خەط ، خەطی روی یار .....)

(٢ جار )بەکارهاتوون :

( ئادەمی خواری ، ئارایشی تەن ، بێ شك و شوبهە ، تاری وجودت ، سەوری فەلەك ، چاکی دامەن تەر ، چەرخی دەوران ، خاکی دامەن ، دەست و دەم ، دوری بەحرەین ، رەهزەنی خەو ، رەوزەیی جەننەت ، سونبولی ئاشوفتە ، شمشادی تازە ، شوست و شوی ، شوعاعی روت ، شیری صاف ، شیشەی پڕ خوێن ، تەلای ئەحمەر ، طیفلی رەضیع ، قاف زەمین ، قضیب اللبان ، کار و پیشە ، کافوری کەشیدە ، کانی حەیا ، گەردشی مینا ، گونبەدی کەیوان ، گیسویی لەیلا ، نەخلی بالاَ ، مەیخانەیی دڵ ..........)

(٣جار )بەکارهاتوون :

( باغی رەوضة ، ترس و لەرز ، جەننەتی ساقی ، چاهی میحنەت ، حەلقەیی زیکر ، حوسنی بوت ، خەراباتی دڵ ، خەزێنەی دڵ ، دەجالی ئەعوەر ، دەستم بە دامەنی ، دوبە دو ، دورر و یاقوت ، دیوانی گەرم ، زۆر و کەمی ، سەکی دەرگا ، شیرو قیر ، تووتی دڵ ، عاشقی بێ دڵ ، عالەمی عولو ، غونچەی گەشا ، قەدەمی پڕ فەر، عەکسی قەمەر ، گەرم و تەر ، گەلوگیر ، گوڵی نەوبەهار ...... )

(٤جار )بەکارهاتوون :

(ئایینەی ئەسکەندەر ، ئەهلی موناجات ، بابی فوتوح ، بولبولی طەبع ، حیرصی دڵ ، خەیاڵ و خەو ، خوێنی صیرف ، راحەتی ئەرواح ، شاهی خوسرەو ، صەدری مەسنەد ، صوبحی بیداری ، غارەتگەری دین ، فەرد و تەنها ، فەقری غینا ، فەلەکول ئەتڵەس ، قەتعی سەر ، کورتی عومر ، لەوحی حەقیقەت ، لوئلوئی لالا ) .

(٥جار )بەکارهاتوون :

( ئاخیر و ئەوەڵ ، جەمیعی خەلق ، جەهلی مورەککەب ، جەمعی روسول ، چەرخی ئەستەر ، دەردی غوربەت ، دەستی حەنایی ، دوری یەکدانە ، سەرخۆش و مەست ، سەروی رەوان ، سەیرو تەماشا ، شاهی جەم جا ، شوعلەی بەرق ، صاحیبی خوان ، فەرشی زەمین ، لالەیی حەمرا ، نەقشی دیدە ، نەمەوجوود و نە مەعدووم ).

(٦جار )بەکارهاتوون

( ئەسیری خاك ، ئەطواری من ، بوردی یەمەن ، بولبولی بیچارە ، خەلعەتی دیبا ، خضری زینـدە ، زولفـی دود ، سەگ مەگەس ، سەمعی قوبوڵ ، شوتورمورغ ) .

(٧ جار) بەكارهاتوون :

( ئاوی حەیا ، ئەمری یەزدان ، بازاریی ریسوایی ، پێچ و شكەن ، حەددی وەسەت ، دەستی دڵدار ، دوكەلی سەودا ، رەخشە رەخشانە ، زەنجیری سەودا ، شەبنمی ئەشك ، زولەتی شام ، كەللەی سـەر ، گـەبر و موسـلمان ، مەسـتی خەیال ، مەقام و مەنزڵ ، مینای دڵ ، سەری ماه )

(٨ جار ) بەكارهاتوون :

( ئاسمانی حوسن ، ئەوەلین و ئاخرین ، بەرگی چەمەن ، بێ بەرگ و نەوا ، تەنی هیلال ، شیرانی شـكار ، مـاه و ستارە ، مەرهەمی وەصل ، میحرابی برۆ ، ناری عیشق ، نەفسی نەفیسم ، وەصل و فیراق )

( ٩ جار ) بەكارهاتوون :

(ئەسكەنـدەر و دارا ، ئەهلی تەریق ، بەد و نیكی ، بوستانی ئـیرەم ، پـیری خـەرەف ، تـاجی عیـزەت ، خەرقـەیی ئەزرەق ، دورری یەكتا ، دوفیرقە ، زەوقی لەب ، زەرد روو ، شەربەتی دیدار ، شست و شو ، عاشقی رووت ، فەزای دەشت ، قووەتی تەبع ، چاوی ئەغیار ، مات و مەبهوت ، مەنعی دڵ ، میسلی شەهسوار ، هەم و پەریشانی ، یـار و دیار )

( ١٠ جار ) بەكارهاتوون

( سـەنا خـوانی دەكـا ، حـوری جەنـنـەت ، سـەیر و سـولوك ، شـەبنمی شـەو ، صـەفحەیی رو ، كـافور و عەنبـەر ، گەردن و گۆش ، گوڵی ئاتەشی ، مۆمی كافور ، نەقدی دڵ و جان )

نموونەی ئەو دەسـتەواژانەی لای (سـالم) بـەكارهاتوون و لـە لای شـاعیرانی كلاسـیكی ئـەدەبی فارسـی (یـەك جـار )بەكارهاتوون :

( ئەسپی هەوەس ، ئەژدەهای زولف ، بارانی شادی ، بەهاری ئەشك ، بینایی دڵ ، بارگیری قەضا ، بەرقی شەرەر ، بەهمـەنی غـەم ، بەدسـیرەت ، بـەحری محەبـەت ، بوسـەیی خاڵـت ، پـیری نیهـانی ، پـیری دەریـا ، تـەرازوی دڵ ، تەنوری دیدە ، جـەوری دونیـا ، چیهرەیی بـەختی مـن ، چەرخی حوسـن ، چـراغی خانـەدان ، حـەلوایی وەصـل حصنی دڵ ، حوسنی دلارام ، خاكی صەحرا ، خەزانی رەنگیی من ، خەتی پەریشانی ، خانەی دلی مـن ، خـەیالی دولبەر ، خەزانی فیراقت ، خونی هەوەسێ ، خەلعەتی خاصت ،...............)

(٢ جار )بەكارهاتوون :

(بادی هیجران ، بەرقی نحوسەت ، بیمی زولف ، باغی بەخت ، بۆسـەی نیهـان ، جـەوری دولبـەر جۆشـی ئەشـك ، چەتری تاوس ، چەشمەیی كەرەم ، چەشمەیی نەهری رەوان ، خەروسی سەحەر ، خاكی توربەت ، دەهری دوون ، دلی مورغی چەمەن ، دلی حەبیب ، دورجی سینە ، دەمی قوربـت ، دڵـی تـووتی ، دەریـای ئەشـك ، داوی تـوررە ، رووحی عاشق ، رەنگ و رەونەق ، رەنگی یاقووت ، ریشەی جگەر ، رشتەیی عەقڵ ، رەنگـی تۆفـان ، رێی زولـف ، زەخمی دەروون ، زاهیدی غافل ، سەردیی میهر ،......... )

(٣ جار )بەکارهاتوون :

( ئەشکی یاقووتی ، ئاوی صوبحدەم ، ئەهلی شەهادەت ، بارشی نیسان ، بوستانی حوسنت ، پەری پەرەستوو، پەردەی دیدە ، جادوانە ، تەختی نیا ، جەنگەڵی شەهبازی ، جوغدی وێرانە ، چاهی میحنەت ، چاوی تار ، چاوی مودەعی ، چەرخی زەمانە ، حوسنی ئەخلاق ، خوانی وەصلی تۆ ، خەرمەنی سوتاو ، خەیالی عارضت ، خاتری ئەغیار ، خالی لەبی یار ، خاکی رەهگوزار ، دیدەیی مەخمور ، خودایی حەق ، دەشتی کەربەلا ، رووبەی گوریزان ، رووی جیهان ئەفروز ، .... )

(٤جار )بەکارهاتوون :

(پەروازی شاهین ، بارانی رەحمەت ، پەردەی مەعنی ، تیری خەتەر ، جەمعی پەرێشانی ،خەرمەنی حوسنە ، دیدەی باطن ، دیدە نابینایە ، دەردی ئادەم ، دودی ئەو ، دیدەی مەست ، دەردی مەحرومی ، دلی دونیا ، دامانی عیشق ، دەستی کەمان ، دیدەنی یار ، دەستی خەیاڵ ، رەهی جانانە ، رازی مەستور ، روی دلارام ، روویی دونیا ، زولفی پرچین ، شەرط و عەهد ، شەهد و نۆش ، قەمەر تەلعەت ، قیبلەیی دڵ ).

(٥جار )بەکارهاتوون

( ئاییینەی گەردوون ، بەحری ئەشك ، بەرگی خوون ، جەوری غەمت ، چەرخی ئاسمان ، خەیالی مەحاڵ، دلی دلبەر ، دەشت و دەر ، داد و بیداد ، دەستی شمشیر ، دودی کەباب ، دلی شیخ ، دەستەیی سونبول ، روخی جانانە ، رەهی غەم ن ستارەی نەحس ، سلسیلەی عیشق ، سەبزی چەمەن ، شەمعی موراد ، شەربەتی مەرگ ، ماری زولفت )

(٦جار )بەکارهاتوون :

( ئەشکی مەجنون ، تاجی سەروەری ، خاکی قەدەمت ، خوینی فەرهاد ، خوینی سروشك ، دەنگی نەی ، خەڵوەتی جانانە ، دەوری عارضت ، دیدەی چاوت ، دەردی شا دەرسی محەبەت ،رەنگی بێرەنگی ، سەروی رەوان، سەبوك عەقلی ، شەوقی مەی ، صەڤ کوفار ، صەفحەی رۆژگار ، صوبحی نەورۆز ، عومری دل )

(٧ جار ) بەکارهاتوون :

( ئەهلی بەصەر ، بابی دڵ ، پیری ساڵخوردە ، پێچ و شکەن ، خۆش خەبەر ، خوداوەندی کەریم ، دیدەی یار ، راست و چەپ ، زاری دڵ ، زولفی شەبرەنگ ، زۆری رۆستەمی ، سەر و ماڵ ، شەرحی هیجرانت ، شاهی حوسن ، ماری ئەرقەم ، صەفحەی جیهان ، کەڤ بەخشش ، نەقدی دل و جان ، عەنبەرین موو )

(٨ جار ) بەکارهاتوون :

( ئەسراری مەحەبەت ، ئەهلی عەجەم ، بۆسەی لەبی شیرینت ، دلی پر حەسرەت ، دەریای قیر ، رێژشی ئەشك ، رەنگی کارەبا ، رو لە میحرابی دوعا ناکەم ، سەخت رو ، سیلسیلەی مو ، سەطحی زەمین ، سیبی غەبغەب ، سولتانی خەیاڵ ، سیبی زەنەخ ، شەوی هیجرەت ، ناری عیشق ، ضحاکی تازی )

(٩جار ) بەکارهاتوون :

( بارانی نیسان ، پەردەی غەیب ، دیدەی مەست ، چاوی مەیگون ، خورشیدی جەمالت ، خەنـدەیی دڵ ، دەرسی عیشق ، روویی شادی ، روویی شیرین زولفی لەیلا ، زەمامی ئیختیار ، شەوقی وەصلت ، موویی میان )

(١٠ جار ) :

( بـای خـوررەم ، دلـی عاقـل ، دلـی عیشـق ، رەنگـی کـاهی ، دەریـای غـەم ، رۆژی دڵ ، زەخمـی پـەیکان ، زنجیری مەجنوون ، سیلابی ئەشك ، شمشاد قەد ، نیشانەی تیر ، کۆیی مەی فرۆشان )

نموونە لەو دەستەواژانەی لای ( مەحوی ) بەکارهاتوون و لە لای شاعیرانی کلاسیکی ئـەدەبی فارسی (یـەك جار )بەکارهاتوون :

( گونجایشی جەلال ، پیالیکی عەقیقی ، شۆری دوجیهان ، گریـە دەجۆشـێ ، گـەردی تووتیـا ، لێـوی شـەککەربار ، شیعری مونتەخەب ، مەیکەشی مەشرەب ، ئیمایی ئەبرۆ ، مەسلەخ و قەصاب ، چەرخی کەچباز ، چاوی حـەیات ، میراوی حەیات ، حەقی مەحەبەت ، شکاریی پابەستە ، زەخمەکەی شمشیری ئەبرۆت ، لەعلی تابدار، ئاگری فیرقەت ، طینەتی خەبیس ، لالە و عەنبەر ، عەکسی جیلوەیی ئەو ، پرتەو فشانی ، دل خـەراس ، رەوش و دەئبی ئادەمی ،...... )

(٢ جار )بەکارهاتوون :

( چاوی خونباری نەدامەت ، بازی قەزا ، پەری شێوە ، شومی بەخت ، ئەهلی زەمان ، داوی حەیات ، ناز و ئیعزاز ، گەردی خـوینی مـن ، تـاری قـانون ، مـەوجی خـوینی ئەشـك ،نـەباتی میسـری لێـوت ، ئـەهوالی رۆژی فیرقـەت ، دیدەیی بیمار ، دوررشوناسی شیعر ، رەیحانی رۆح ، عیشقی سەرداری ، نـەخلی بـالات ، جـان خـەراش ، سـەعی و کۆشش ، دیدە ئاهو ، ئاوی عـەینم ، دلـی سـەنگ ، غونچـەی دلتـەنگ ، رێگـەی هـودا ، ئەصـل و فەصـل ، دەسـتی جەور و جەفا ، ...... )

(٣ جار )بەکارهاتوون :

( پیری پیران ، ئادابی عیشق ، خاکسارانی مەحبەت ، شەوی ریحلەت ، خەرامی کاز ، خەرابی عیشقی تۆ ، خاتری عاتیر ، داوی زولف و خەت ، یارو ئاشنا ، رەندی مەیکەدە ، ناری شەوق ، رەهی یاری من ، سازی نالە ، ئاوی گریە ، هەوری مەرحەمەت ، وەکو نەی ، شیشەی موڵ .... )

(٤جار )بەکارهاتوون :

( نوری بادە ، شامی طوررەت ، ئەهلی حـەیا ، صـەفحەی سـینە ، ئیعجـازی مەحەببـەت ، ئـەهلی ئیحـتیراز ، دلـی تەنور ، بەرقی جیلوە ، نیساری خاکی رێگەت ، زولفی زنجیرت ، دلی پر غەم ، ئاه و واوەیلا)

(٥ جار ) بەکارهاتوون :

( دیوانی وجود ، زولفی دلگیر ، موعجیزیکی حوسن ، طوفانێکی ئەشك ، خونی خام ، میحنـەت خانـە ، غەفلـەت زەدە ، مەوجی بەحری رەحمەت ، تیری طةعن )

( ٦ جار ) بەکارهاتوون :

( خەنجەری موژگان ، زوبانی گوفتوگو ، باری مەحببەت ، تەوبەی نەصووح ، کەعبەی ئامال ، ئیعجازی عیشق ، گولزاری نیشاط ، گەلوەها ، تاجی پادشا چاوی بیمار ، کوتوبخانە ، ئاوی گەوارا ، ئیکسیری ئەعظەم ، نیە فیکرم ، دلدار و دلبەر)

(٧ جار ) بەکارهاتوون :

( سینەیی پر سۆز ، ضەبطي موڵك ، هوجومی غەم ، خۆشی وەقتێ ، میوەی بەهەشت ، سیاپۆش ، بارەگای عیشق ، داغی ئینتیظار ، دەست و چاو ، جیفەیی دونیا ، سایەیی هوما ، ئەشکی نەومێدی ، نا ئەهلان ، هەر نادان ، ئەستونی عیشقی شیرینت ، سەگی هار )

(٨ جار ) بەکارهاتوون :

( بەحری فیتنە ، دامی تەزویر ، دورجیکی یاقوت ، دەرگای عیشق ، بەهەشتی خودا ، وادەیی مەحەبەت ، باغی جوانی ، ئاوی حەیات ، کەلامی قەدیمی ، مەیدانی مەحەبەت ، )

( ٩ جار ) بەکارهاتوون :

( تورکی چاوی مەست ، چەمەنی وەصل ، ئەهلی حەسەد ، سروشکم سورە ، گوڵشەنی راز ، ئەربابی دونیا ، ئاگری مەحەبەت )

(١٠ جار ) بەکارهاتوون :

( بەرقی لامع ، غولغولی بولبول ، صاحیب نام )

ئەنجام :

١- رەوتو گەشەی هونەری شیعر لە مێژووی میللەتاندا ئەو راستیەیە دەخەنە بەردەست کە قۆناغە شیعریەکان کۆمەڵێ ئەلقەی پێکەوە گرێدراون و بەردەوام قۆناغە نوێکان لە سەر زەمینەی قۆناغەکانی پێش خۆیان چەکەرەیان کردووەو رەگوریشەیان رۆچووەتە ناو دەقە شیعریەکانی پێش خویان دیارە ئەم دیاردەیەش هەر لە سنووری ئەدەبی نەتەوەیەکدا نابینرێ بەڵکو لە نێوان ئەدەبی ئەو میلەتانەشدا دەبینرێ کە لە قۆناغو سەردەمێکی رۆشنبیریو هونەریدا لە ناو یەك بازنەی رۆشنبیریو ئەدەبیدا دەبینرێن ، وەك سەردەمی رۆشنبیری یۆنانیو رۆمانیەکان و سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپاو هەردوو سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی و سەردەمی ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکانی میللەتە موسوڵمانەکان و ئەو کایگەریەی لەسەر ئەدەبی یەکتر هەیان بووە ، بۆیە دیاردەی کاریگەر بوونی شاعیرانی کلاسیکیمان بە ئەدەبی فارسیەوە تا رادەی لاسایی کردنەوەیان دەبێ وەك دیاردەیەکی ئاسایی ئەدەبی ببینرێ هەروەك چۆن دیاردەی لاسایی کردنەوەی ئەدەبی تورکی لە لایەن شاعیرانی کوردەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا نەك هەر بە ئاسایی وەرگیراوە بەڵکو بە بنەمای رەنگرشتنی رەوتی نوێگەری لە شیعری کوردیدا تێبڕوانراوە هەر لە ئەدەبێکی وەك ئەدەبی عەرەبیدا رەخنەگرانی هاوچەرخەکانیان ئەو راستیەیان خستووەتە بەردەست کە دیاردەی لاسایی کردنەوە بنەرەتێکی هەرە دیاری رێبازی کلاسیکی نوێی شیعری عەرەبی بووە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا و شاعیرانی ئەو قۆناغەی ئەدەبی عەرەبی کە بە سەردەمی بوژانەوە ناوی دەبەن بڕوایان وابووە کە سەرچاوەی دەقی شیعریی چاكو رەسەن کلتورە ئەدەبیەکەی پێشینانیانە بۆیە راستەوخۆ روویان لەو

کلتوورە کردووەو مەبەستو بابەتو وێنەو واتاو ئاوازیان لێ هەلێنجاون .

ب - کاریگەربوونی شاعیرانی کلاسیکی کوردیش بە ئەدەبی فارسیشەوە بە گشتیو شوێن پێ هەڵگرتنی شاعیرانی ئەدەبی فارسیو لاسایی کردنەوەیان لە لایەن (نالیو سالمو مەحوی) یەوە بە تایبەتی بووە مایەی ئەوەی کە بە دوو مۆدێلی هونەریی بەرزی شیعریی کە (قەسیدەو غەزەل) بوون رێچکەی شیعریی لە کرمانجی خوارووا بە جۆری بکەنەوە کە لە رووی ئەدەبیەوە بتوانن شان بدەن لە شانی میللەتە موسلمانەکانی تر .

ج - ناساندنی هەندی دیاردەی لاسایی کردنەوە بە (دزیی ئەدەبی ) لە رەخنەی کلاسیکی عەرەبیدا بووەتە هۆی ئەوەی کە شاعیران بەرادەیەك نکۆڵی لێبکەن کە راستی بوونی دیاردەی لاسایی کردنەوەکەشیانی پێ پەردە پوش کەن بەو پێ یەی خودی زاراوەکە بە چەمکە رەوشتیەکەی بێزراوە جا ( نالیوسالمومەحوی) یش لە روانگەی دەلالەتە رەوشتیەکەی (دزی)یەوە لە دیاردەکەیان ڕوانیوە، ئەمەش بە ئاشکرا لە بەیتێکی( نالی) دا دەبینرێ بەو پێیەی بە دوورکەوتنەوە لێی خۆی پێ بەرزدەکاتەوەو بە پەنابردن بۆی شاعیرانی تری پێ نزم دەکاتەوە، دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە چ (نالی )خۆیو چ شاعیرانی تریش توانیبێتیان لە دەرەوەی بازنەی کاریگەربوون بە کلتوری شیعری فارسی داهێنانیان ئەنجام دابێت ، بەڵکو بە شوێن پێ هەڵگرتنی شیعری فارسی روویان لە بنیاتی (غەزەل)و(قەسیدە)کرد بە بنەما ئاوازەییەکانیانەوە کە کێشی عەرووزیو قافیەی یەکگرتوو پێکیان هێناوە نەك بنیاتی مەسنەوی بە کێشە برگەییەکەی و قافیە هەمەرەنگەکەیەوە کە بۆخۆی بنیاتێکی شیعری رەسەنی کوردی بووە ، بەم رەفتارە هونەریەشیان ویستویانە وەك شاعیرێکی کورد شوێن پێی خویان لەناو شیعری میللەتە موسڵمانەکاندا بکەنەوەو تا رادەی شانکی (مونافەسە)کردنیان هەڵکشین بەم پێیە لاسایی کردنەوەی شاعیرانی ئەدەبی فارسی لایان نەك هەر دزی نەبووە

بەڵکو داهێنان بووە مادام مەبەست لێی شان دان بووە لە شانیان ، رووکردنە (حافز)یش لە لایەن (سالم) دوە بەئاشکرا و بە تێهەڵکێش کردنی هەندێ لە لەدەقەکانی بە دەقی (حافز) ئەو راستیەی لێ بەدەست دەهێنرێ کە ئەو چەشنە تێهەڵکێش کردنانەیان بە دزیی ئەدەبی نەزانیوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەو بەیتانەشیاندا کە بە ئاشکرا شوێن پێی دەقی شیعری فارسیان هەلگرتووە چونکە لەوقۆناغەدا کە زووربەی شیعرناسانو شیعردوستان ئاشنای شیعری فارسی بوون نەیانتوانیوە ئەو دەقانەیان بشارنەوە کە تیایاندا لاسایی شاعیرانی فارسیان کردۆتەوە، تەنانەت بایەخدانی شاعیرانمان بە تێ هەڵکێش کردنی سێ دێری شیعریی خۆیان بە بەیتی شاعیرێکی تر لە هەر کۆپلەیەکی بنیاتی پێنج خشتەکی دا بۆخۆی داهێنانی دەقێك بووە لە ژێر سایەی لاسایی کردنەوەدا کەواتە دەبێ بەو شێوەیە لە چەمکی لاسایی کردنەوە لای شاعیرانی کلاسیکیمان بڕوانین کە هەوێنی داهێنان بووە لە لایان نەك وشك کەروو سڕکەری داهێنان چونکە بەو هەوێنە هەوڵی تێپەڕاندنی یەکتریان داوە تا شیعرناسانو شیعردوستان بە دەنگێکی شیعری جیا لە شاعیرانی تر بیاننانسن .

د- بە سەرنجدان لە فەرهەنگی شیعری هەر یەکە لە (نالیو سالمو مەحوی) بۆ یەکەم جار توانیمان کۆمەڵێ وشەو دەستەواژەی تایبەت بە فەرهەنگی شیعری هەریەکەیان دیاری بکەین کە تا ئێستا کەمو زۆرهیچ لێکۆلینەوەیەك ئاوڕی لێ نەداونەتەوە ، ئەمە لە کاتێکدا ئەو وشەو دەربڕینانە هەر وەك چۆن زمانی شیعرییانی دەوڵەمەند کردووە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیشیان داوە بە دەنگی شیعری هەریەکەیان چ لە بازنەی شیعری کلاسیکی کوردیدا بێت یان لە بازنەی شیعری کلاسیکی میللەتە موسڵمانەکاندا بێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەر بەو وشەو دەستەواژانە سیمای داهێنانیان بەو بابەتە شیعریانە بەخشیوە کە بابەتی باوی شیعری کلاسیکی بوون و بەرادەیەکی بەرچاو فەرهەنگی شیعری فارسیشیان بە کۆمەڵێ دەربڕینی شیعری موتوربەکردووە .

پەراویزەكان :

١– هۆراس ، هونەری شیعر ، حەمید عەزیز لە ئینگلیزییەوە كردوویە بە كوردی ، سلیمانی چاپخانەی چوار چرا ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٥ ،ل١١.

٢- بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كوردی دا ، دكتۆر دڵشاد عەلی ،چاپخانەی رەنج ، سلیمانی ، ١٩٩٨ل٩،

هەروەها بروانە : الشعر بين الفنون الجميلة، د.نعيم حسن اليافي،دار الكاتب العربى ،القاهره ،١٩٦٨ ،ل٨.

٣- الشعر والشعرية فى العصر العباسي ،الدكتور عبدالله بن احمد الفيفى ،صحيفة الجزيرة ، الخميس ١٢ نوفمبر ٢٠٠٩ العدد ١٣٥٥٩ ص ٢٣.

٤– بروانە :حركة التجديد في الشعر العباسي، محمد عبد العزيز الموافي، كلية دار العلوم، جامعة القاهرة، الطبعة السادسة، ١٤٢٢هـ، www.s-ajfan.com/vp/shouthread.php

٥-بروانە : مظاهر التقليد في المدرسة الكلاسيكية ،٣ حزيران (يونيو) ٢٠١٣بقلم مريم مظاهر عزيز خاني . www.diwanalarab.com

٦– تقليدگرايى در ادبيات فارسىو تقليد سرايى بە شيوەعظامى – حسين قربانپور ارانى- كيهانى فرهنگى شمارە١٣٠ اسفند ١٣٧٦ .

٧- بروانە : سەرچاوەی پێشوو .

٨- وجع شعر در دوران حافظ http://forum.gigapars.com

٩– از صبا تا نيما ،جلد اول ، يحيى ارين پور ، ناشر : زوار ، چاپ :٨ ، ١٣٨٢ ، ل ١٥ .

١٠- مظاهر التقليد في المدرسة الكلاسيكية.

١١- بروانە : سەرچاوەی پێشوو .

١٢- شفيعى كدكنى، محمدرضا؛ ادوار شعر فارسى از مشروطيت تا سقوط سلطنت، تهران، سخن، چاپ: دوم، ١٣٨٠، ص ١٩.

١٣– شاعیرەكانمان ، سیاپۆش ، یادگاری لاوان ، چاپخانەی كەرخ ، بەغداد ، ١٩٣٣ ، ل١٥.

١٤-دیوانی نالی، لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی مەلا عبدالكریم مدرس و فاتح عبدالكریم ، محمدی مەلا كریم ، چاپخانەی كۆری زانیاری كورد ، بەغدا ، ١٩٧٨،ل٤٨١ .

١٥–رۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٣٤ ،١٩٧٢ ،ل٣.

١٦-السرقة الادبية و الفكرية ظاهرة انسانية قديمة ، د. جميل حمداوى ، www.almothqaf.com

١٧ – بروانە : سەرچاوەی پێشوو .

١٨-بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی كورد لە رێگەی دەستخەتەكانیانەوە ،دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ومیض ، بەغدا ، ١٩٩٨ ل٢٢٨ .

١٩- دیوانی نالی ،ل١١٤-١١٦ .

٢٠- ابوبكر الخالدى www.madinnet.com

٢١- درج٣ ، كتابخانە الكترونيك شعر فارسى ( ١ مليون بيت شعر ، ١٠١ شاعر ) .

٢٢- دیوانی نالی ، ل ٦٠٠ .

٢٣– درج ٣.

٢٤– -دیوانی نالی، ل٧٠٦ .

٢٥– گنج سخن، تالیف دکتر ذبیح الله صفا ، انتشارات ققنوس ، چاپ دیبا ، چاپ دهم ، بهار ١٣٧٤ ل٧٥٥.

٢٦- دیوانی سالم، چاپی دووەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولیر ،١٩٧٢ ، ل٦٥ .

٢٧- فرهنگ اشعار صائب ، جلد دوم ، تالیف احمد گلچین معانی ، موسسه انتشارات امیر کبیر ، چاپخانه سپهر ، چاپ دوم ، تهران ،١٣٧٣،ل ٤٢١ .

٢٨- دیوانی سالم، چاپی دووەم ، ل٢٢.

٢٩- شاعری در هجوم منتقدان، دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی ، چاپ : نقش جهان ، چاپ اول ، تابستان ، ١٣٧٥ ، ل٣٤.

٣٠- دیوانی سالم،ل٢٥.

٣١- درج ٣.

٣٢-دیوانی مەحوی ، ل٢٣.

٣٣- درج٣.

٣٤- دیوانی مەحوی ،ل٢٨.

٣٥- دیوانی سالم ،ل٣٦.

٣٦-دیوانی مەحوی ، ل٣٥٩.

٣٧-درج٣ .

٣٨– درج٣ .

٣٩- دیوانی مەحوی ، ل٣٥٩.

٤٠- سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٠.

٤١– حافز لە شیعری کوردی دا، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی ، بەرگی بیستەمی گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق ، بەغدا ، ١٩٨٩،ل ٦٣ ،هەروەها بروانە : فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر رۆشنایی ئەدەبی فارسی دا ،نامەی ماستەر ، ، ئاڤان عەلی میرزا ، زانکۆی سلیمانی .

٤٢- کورتە بەراوردێ ، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی ، بەرگی شانزەهەم و حەڤدەهەمی کۆری زانیاری عیراق ، بەغدا، ١٩٨٧، ل ، ٣٤ ، هەروەها بروانە: فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر رۆشنایی ئەدەبی فارسی دا،نامەی ماستەر ، ، ئاڤان عەلی میرزا ، زانکۆی سلیمانی .

٤٣–دیوانی نالی، ، ل١٠٧ .

٤٤- بروانە : دیوانی نالی ، دیوانی سالم ، دیو ری مەحوی ، درج ٣ .

سەرچاوە کوردی یەکان :

١-بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا ، دکتۆر دڵشاد عەلی ،چاپخانەی رەنج ، سلیمانی ، ١٩٩٨ ل٩

٢- بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە ،دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی  ومیض  ، بەغدا ، ١٩٩٨

٣- دیوانی نالی، لیکۆلینەوەو لیکدانەوەی  مەلا عبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریم ، محمدی مەلا کریم ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٨

٤- دیوانی سالم، چاپی دووەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولیر ،١٩٧٢

٥- دیوانی مەحوی لێکدانەوەو لێکۆلینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم ، چاپ چهارم ،انتشارات کردستان ، ١٣٨٦

٦-هۆراس ، هونەری شیعر ، حەمید عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی ،  سلیمانی چاپخانەی چوار چرا ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٥

سەرچاوە عەرەبی یەکان :

١- شعر بين الفنون الجميله، د.نعيم حسن اليافي،دار الكاتب العربى ،القاهره ،١٩٦٨ .

سەرچاوە فارسی یەکان :

١- از صبا تا نیما ،جلد اول ، یحیی ارین پور ، ناشر : زوار ، چاپ :٨ ، ١٣٨٢ .

٢- تقلیدگرایی در ادبیات فارسیو تقلید سرایی بە شیوەغظامی — حسین قربانپور ارانی- کیهانی فرهنگی شمارە١٣٠ اسفند  .

٣– شفیعی کدکنی، محمدرضا" ادوار شعر فارسی از مشروگیت تا سقوگ سلگنت، تهران، سخن، چاپ دوم، ١٣٨٠ .

٤–- شاعری در هجوم منتقدان، دکتر  محمد رضا شفیعی کدکنی ، چاپ نقش جهان ، چاپ اول ، تابستان ، ١٣٧٥ .

٥- گنج سخن، تالیف دکتر ذبیح الله صفا ، انتشارات ققنوس ، چاپ دیبا ، چاپ دهم ، بهار ١٣٧٤

٦- فرهنگ اشعار صائب ، جلد دوم ، تالیف احمد گلچین معانی ، موسسه انتشارات امیر کبیر ، چاپخانه سپهر ، چاپ دوم ، تهران ،١٣٧٣ .

گۆڤارە کوردی یەکان :

١-حافز لە شیعری کوردی دا، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی ، بەرگی بیستەمی گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق ، بەغدا ، ١٩٨٩،ل ٦٣.

٢- کورتە بەراوردێ ، دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی ، بەرگی شانزەهەم و حەڤدەهەمی کۆری زانیاری عیراق ، بەغدا، ١٩٨٧، ل٣٤.

نامەی زانكۆیی :

١- فەرهەنگی شیعرەكانی سالم لەبەر رۆشنایی ئەدەبی فارسی دا،نامەی ماستەر ، ئاڤان عەلی میرزا ، زانكۆی سلیمانی .

:cd

درج٣ ، كتابخانه الكترونيك شعر فارسى ( ١ مليون بيت شعر ، ١٠١ شاعر ) .

سایتی ئەلكترۆنی :

١- حركة التجديد في الشعر العباسي، محمد عبد العزيز الموافي، كلية دار العلوم، جامعة القاهرة، الطبعة السادسة، ١٤٢٢هـ، www.s-ajfan.com/vp/shouthread.php

٢- السرقة الادبية و الفكرية ظاهرة انسانية قديمة ، د. جميل حمداوى ، www.almothqaf.com

٣-الشعر والشعريه فى العصر العباسى ،الدكتور عبدالله بن احمد الفيفى ،صحيفه الجزيره الخميس ١٢ نوفمبر ٢٠٠٩ العدد ١٣٥٥٩

٤- مظاهر التقليد في المدرسة الكلاسيكية ٣، حزيران (يونيو) ٢٠١٣بقلم مريم مظاهر عزيز خاني www.diwanalarab.com

٥- وضع شعر در دوران حافظ http://forum.gigapars.com

**کورتەی لیکۆلینەوەکە :**

**ئەم لێکۆلینەوەیە باس لە هەردوو دیاردەی لاسایی کردنەوەو داهێنان لە رێبازی کلاسیکی شیعری کوردی دا دەکات بە تایبەتیش لە بواری فەرهەنگی و شیعریی سێ شاعیری دیاری سەر بەو رێبازە کە ( نالی وسالم و مەحوی) ن . ئامانجیش لەم لێکۆلینەوەیە دەرخستنی توانای داهێنانی شاعیرانی کلاسیکی کوردە بە گشتی و ئەو سێ شاعیرە بە تایبەتی لە بواری فەرهەنگی شیعریدا ، بەوپێ یەی فەرهەنگی شیعریی هەر شاعیرێ هەلگری سیمای دەنگە شیعری یەکەیەتی ، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێ ئەنجامی تریش لە چوار چێوەیەکی پراکتیکیدا لێکۆلینەوەکەمان ئەنجام داوە .**



**ملخص البحث :**

**يتناول هذا البحث ظاهرتي التقليد و الابداع في الشعر الكلاسيكي الكردي بصورة عامة و لدى الشعراء(نالى و سالم و محوي ) بصورة خاصة من خلال معجمهم الشعري ، و ذلك من اجل اظهار موهبتهم الابداعية . و لعرض مجموعة من النتائج الجديدة وجه البحث نحو مسار تطبيقي و احصائي .**


Diction of Kurdish Classical Poetry between Imitatio and Creativity
(Nali, Salim and Mahwee)


This study explores the phenomena of imiyation and creativity in the Kurdish Classical poetry particularly in the realm of poetic diction of Nali, Salim and Mahwee’s poems . The aim of this study is to reveal the creative ability of the Kurdish Classical Poets in general, and those three poets in particular in field of poetic dicition that each poet used for his poetic sound devices . In addition , this study has been made for achieving some other conclusions within a practical outline.